**بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا (١٣)**

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

# هێندیک لە رووداوەکانی بۆکان لە کتێبی بە سەرهاتی سیاسیی کورد

## نووسینی: میرزا محەمەدئەمین مەنگوڕی




لە رۆژی ٩ ی بەهمەنی ١٣٢٥ ئالای حزبی لە دێی بۆکانەوە برا بۆ دێی یەکشەوە من شەخسەن ئیشتراکی ئەو ئالا بردنەم کرد. رۆژەکەی زۆر سارد بوو بەفرێکی تەواو رووی زەوی داپۆشیبوو. منیش پاڵتۆ، قاپووتم لە بەرا نەبوو زۆرم سەرمابوو بەڵام بۆ خوتبە خوێندنەوە ناچاریان کردم کە بچم ئاڵایان لەگەڵا بەرم. سوارەکان ٧٠٠ سوار بوون کە هەموویان لە عەشیرەتی فەیزوڵلابەگی، دێبوکری و بانەیی پێکهاتبوون. لە تورکمان کەندییەوە چووین بۆ بۆکان. لەوێ لەگەڵ ئاغایانی سەلیماغا ئێلخانیزادە و ئەفسەر هاشمی دامانکوتایە خوتبەخوێندنەوەی ئاڵا لە نێو نیروی ناوبەفردا و بە دەهۆڵ و زوڕنایەکی زۆر دڵگیر ئاڵاکەمان لە حزبی بۆکان هێنایەدەرەوە و بەرەو یەکشەوە وەڕێکەوتین . شەوی ٣٠/ ١/ ١٩٤٦ لە دێی ئالبلاغ ئالامان هێشتە وە و ئاغایانی عێزەتخان و محەمەدخان و عەلیخانی دادخواە لە لایەن ئاغایانی ئەو دێیەوە زۆر بەخشەندەیی لە ژێر قودومی ئاڵاکەدا کرا و زۆر بە هونەرمەندانە ئەرکی پەزیرایی ئەو٧٠٠ سوارەیان بە شانازی ئاڵاوە گرتە مل خۆیان. لەوەخۆشتر ئەوە بوو کە محەمەدخانی دادخواە ئاغای دێی ئالبلاغ شایی ژنهێناکەی دەگەڵ شایی ئاڵا تێکەڵ کردبوو. شایی بووک و شایی ئاڵا بە یەکەوە ئاڵقەی دایەوە و بە سەدها کچ و ژن و کوڕ و پیاو لاوان و گەنجان دەستیان خستبوە ناو دەستی یەکتر و بە خوێن گەرمی و گۆشەی دڵداری هەموو لایەک وەکوو یەک مەست و سەر شێواو بوون. بە زۆڕنا و دەهۆڵەوە لە لایەن چەند گوندییەک ئەو گۆرانییەیان ئەوت.

بای دەدا بای دەدا گێل گێلەکەی با دەدا ئێستا نەبووە بە خانم چۆن ئیفادەم لێدەدا.

جا لە سەر راوێژ و لەهجەی کوردی ئێران بۆ ئەو دڵدۆڕاوانی ناو شایی ئەو گۆرانیەیان ئەوت. ئاغای حەمەڕەشیدخانیش لە تالاری شانۆیەک لەگەڵ ئەحمەدخانی فارووقی و حەمەدەمینخانی قادرخانزادە وردورد سەیری بەزم و شایی ئاڵاو بووکیان ئەکرد بەڵام رێزی ناوبانگ لێی قەدەغە کردبوون کە ئەوانیش وەکوو جحێڵەکان باڵ بگرن و خۆیان بخەنە ناو شاییەکەوە. ئاغای حەمەڕەشیدخان لە ژێر پێی ئاڵاکەدا سوێندی خوارد هەتا دوا تنۆکی خوێنی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو گەلانە بکات کە بۆ داگرتنی ئەو ئاڵایە خەریک ئەبن. لە لایەن سمایل خانی فەروخیەوە ئەو خوتبەیە نێررا سابڵاغ لە رۆژنامەی کوردستانی شومارە ١٦ چاپکرا.

## وەزارەتی جەنگ

بە هۆی ئەوەی چەند ئەفسەرێکی عێراقی چووبوونە ناو تەشکیلاتی سەربازیی کوردستانی مهاباد رێز و رێک و پێکی دایرەی عەسکەرییان زۆر لە دایرەکانی تر پێشکەوتووتربوو. لە وەزارەتی جەنگدا چوار یارمەتیدەر بۆ وەزیری جەنگ دیاری کرابوو

١، سەلاحەدین کازمۆفی رووسیان بە ناوی کاکاغاوە کردبوو بە موشیر دیوانی حەرب.

٢، نانەوازادە بە موعاونی سیاسی هێز.

٣، جەعفەری کەریمی موعاونی سیاسی .

٤، جەعفەری ئێلخانیزادە بە موعاوینی ماڵیەی جەنگ.

غەیری ئەو هەیئەتەش لقێکی تر لە وەزارەتی جەنگ جیاکرابۆوە ناویان لێنابوو پۆلی ٣ ی ناوەندی . ئەو دایرەیە لە هەموو وێنە سەزاو چاک و خراپی لەشکر مەسئول بوو. برایم سەلاح کە پێیان ئەوت برایم خانی ساروقامیشە بە دەرەجەی مایۆری ئەو دایرەیەی سەرپەرستی ئەکرد. ئەو برایم خانە بە بێ خوێندنی مەکتەب زمانی رووسی، فەرانسەوی، ئینگلیسی، ئالمانی، تورکی، عەرەبی ، فارسی، کوردی فێر ببوو بە هەموو تەرکیب و قاعیدەیەکەوە. بەڵام ئەو فەرماندەیە زۆر زوو لە وەزیفەکەی دەرکرابە تاوانی ئەوەی کە گوایا فەرماندەیەکی توورەیە. لە جێگای ئەو مستەفا خۆشناو بە روتبەی پات پۆلکۆنیکی کرابە فەرماندەی پۆلی ٣ ی ناوەندی هەتا تێکچوونی دەوڵەتی کوردستان.

## حزبی جەوانان

لە ژێرسەرۆکایەتی عەلی خوسرەوی سابلاغی و بە موستەشاریەتی ئەسەدۆف ناوی (ممثلی سیاسی) رووس حیزبێک لە ناوچەی مهاباد پێکهات بە ناوی حزبی جەوانان . ئەندامانی ئەو حزبە هەموو دەبوایە لە دەم رووت و گەنج پێکهاتبایە. راپەرینەکەیان زۆر بە سام و مەترسی هێنەر بوو ئەو حزبە لە حزبە خوێنرێژەکانی ئورووپایی دەکرد. هەر فەرمانێکیان کە پێسپێرابایە ئەبوو بە بێ گیرو گرفت پێکیان هێنابایە. نەفەراتی ئەو حزبە ئیمتیازێکی تایبەتیان هەبوو لە هەموو راپەڕین و تێکۆشانێکا . ئیشەکانیان وەکوو بروسکە وابوو نابێ و ناکرێ لە بڕیارەکانیانا نەبوو نیشانەیەکی زەردوسووریان بە سەر سینگەوە دادروابوو. هێندێ نیشانەیان لە مەفرەق و هێندێکیشیان لە پەڕۆ دروست کرابوو . لە رۆژی ٣١ ی تەممووزی ١٩٤٦ (عبدالرحمان ویس و سید بابانی حسێنی) هاتنە مەرکەزی سەرا تەشکیلاتی حزبی جەوانانیان لە سەرا کردەوە بە ناوی حزبی جەوانانی سەقز و سەرا وەزیفەی سەرۆکیی ئەو حزبەیان بە من رەوا دی. ئەو باسە لە رۆژنامەی کوردستان ژمارەی ٧٠ دا بڵاو کرایەوە بەڵام لە گەڕانەوەی حەمەرەشیدخان بۆ عێراق من ئەو وەزیفەی سەرۆکیی حزبی جەوانانم دایە دەست محەمەد مەحموود کە لەقەبەکەی محەمەد قودسی بوو جا ئەو حزبە لە ناو کوردی ئێرانا سامێکی زۆری پەیدا کردبوو. ئەگەر ئازربایجان لەو چەندانەدا تەسلیم بە ئێران نەبوایەوە هەرچی ئاغاوات و خان و بەگی کوردەواری بوون لەسەر دێهات و شوێنەکانیان دەرئەکران بەڵام بەختی ئاغاو زۆرداری دووبارە ئاغا و ئاغاژنیان هێنانەوە سەرحوکم و دار و فەلاقەیان بۆ مسکین و کرمانجە هەڵگراوەکانیان دانایەوە. ئەو حزبە هیچ گوێی نەدەدایە بێ نزاکەتی و سووکی بەرامبەر بە ئاغایەکان و ئەوان لە هیچ کاتێکا خۆیان بە خاوەنی سەروماڵ و ژن نەدەزانی بۆ دەوری ئێران و ئەمنیە سووتخۆرەکان پەشیمان ببوونەوە . لە پەنای ئەو حیزبەشا حیزبێکی شیوعی نهێنی لە دێی یاسیکەند لە ژێر سەرۆکایەتی عەزیزخانی ئاغای یاسیکەند کرابۆوە کە پێیان ئەوت پاڵەپشتی حزبی جەوانان بەڵام وەکوو حزبی جەوانان ئەو خۆی ئاشکرا نەکردبوو هەرواڵە پەناوە دەستی ئەخستە ناو ئیشەکانی سوسیالیستی دروست کردن.(١) سەربەخۆیی و ئازادی بۆ چینی دەرەبەگ و شوفنیستی نەمابۆوە. تەنانەت مجێوری مزگەوتەکانیش بە هیوای بەش و میراتی ئاغا خۆیان خستبوە ناو حزبی جەوانانەوە. قازی محەمەد هەتا رەشووڕووتێکی لە چینی کرێکار و فەلاح ئەهێنا ژێر فەرمانی حیزبی و چەکداری، لە لایەن ئاغاکانەوە تەفرە دەدراوە. و پشتێنەی بەربەرەکانیان لە زد ئەبەست. قازی محەمەد ئەوەی بەراوەرد کردبوو کە کوردستان لە پەنجا هەزار دێ پترە ئەگەر لە هەر دێیەکا دوو ئاغا و سێ چوار کەسی سەربەئاغای لێ بڕەنجێ دەستەی رەنجاو و تۆراوان ئەکاتە نیو میلیون کەس. بێگومان پروپاگەندەی نیو میلیون کەسی چەکدار و پارەدار مەعدەی باقی دانیشتوانی کوردستان تێکدەدائەگەر تێکیشی نەدا ئەو مەبەستە دەشێوێنی کە قازی محەمەد و دەستەی جەوانانی حزبی سوسیالیستی بە قوونە خشکێ بۆی ئەچوون. چونکە دەوڵەمەند و ئاغاکان لە پێش ئەو ئینقلابەدا لایان وابوو کە مەبدەئی سوسیالیستی دەستکاریی سەروەت و نفووز ناکا خەڵکەکە بە گەورە و بچووکیەوە ئامادە بوون بۆ ئیستقبالی رووس بەڵام لە دواییدا کە چاویان کراوە تەماشایانکرد هەر ئاغاژنێکو کارکەرێکیان بە دەست برا فەلاحێکو برا تێکۆشەرێکی پیشەسازیو و جەوانێکە لەو جەوانانەی کە قازی محەمەد چەکی داونەتەدەست بۆ پارێزگاری کوردستانی مەزن وکوردستانی هەموو کوردێک لە پێش دروستکردنی کوردستان جارێ پەلاماری ناموسی ئاغایان ئەدا. بەڵێ میللەتان بە لە ناوبردنی ئیقتاعییەت و رجعی و دەرەبەگایەتی پێشکەوتوون شۆڕشی فەرانسە لە ساڵی ١٧٨٩و شۆڕشی ئوکتوبری رووس لە ساڵ

١٩١٧ دابەڵگەی ئەوەیە کە بە توانەوی ئەو خان و بەگ و ئاغاوەتانە رووسیا و هێندێک وڵاتی رۆژهەڵات پێگە یشتوون بەڵام ئەوەندەی هەیە ئەو راپەڕینە جاریٚ بۆ کوردستان دەست نادا چونکە کورد لە مەراحیلی ژیان و ئیستقلالیەتا هیچ قۆناغێکی نەبڕیوە کە جاریٚ لە پێش هەموو شتێکا بە گژ ئاغاکانا بچێت. نفووز و مەبەستی سوسیالیستی لە وڵاتەکەیا بڵاو بکاتەوە کە ئەو بیرە تەنها بو سوودی شیوعیەت تەواو دەبیٚ نە کوردیەت. قازی محەمەد خۆیو حەمەحوسێن خان و سەدری قازی برای ١٢ دێیان لە ناوچەی مهاباد هەبوو . قازی محەمەد ئەیزانی کە ژیان و یاسای دەرەبەگایەتی چۆنە و چ دەنگێک لەم بەسەرهاتە دێتە روو بەڵام وادەرئەکەویٚ کە پەنجەیەکی ناچاری ئەم ئیشەی پێکردبیٚ کە ناچار بیٚ بە سەر ئەم نەخشە غەڵەتەدا بڕوا و هەر ئەو پەنجەیەش بوو کە بە داری ئازادیەوەهەڵی واسی. دیسان ئەو یاساو نیزامەی حیزبی جەوانان و حیزبی شیوعی و لە ناوبرنی ئاغا و ئاغا ژن لەو وەختەدا بۆ رووسیش هەر هەڵە بوو رووسەکانیش ئەبوایە بارێکیان تەعقیب کردبایە کە دووربایە لە قرە و غەوغای ناوخۆیی و ئەو راپەڕین و ئاغاو ئاغاژن دەرکردنەیان هەڵگرتبا بۆ وەختێکی ئارامتر و پێویست تر بەڵام رووسەکان ئەو ئیشەیان بۆ پەڕاوە دامەزراندبوو ، ئایا ئەگەر ئێرانییەکان بەڵێنیەکانیان نەبردە سەر تا چ ئەندازە دەتوانن بە یاسای شیوعییەت لە ئێرانا پەیڕەوی بکەن و کوردەکان تا چ ئاقارێک حەز لە ژیانی سوسیالیست ئەکەن و ئەڕۆن لە گەڵیا. جا بۆ تەدارەکاتی ئەو رۆژە ئەو مەتەڵەیان لە قازی محەمەد هێنایەوە ، پەڕاوەکەیان بە قازی محەمەد کرد. لە سەر راپۆری حزبی جەوانان زۆر ئاغای گەورە لە ساباڵغ زیندانی و خانەنشین کرابوون لەو باوەڕەدام ئەگەر ئەو حکوومەتە تا ماوەیەکی تر بەو وەزعە مابایەوە ئەوئاغایانەیان هەموو لە داری سیاسەت ئەدان. بەڵام بەختی ئاغاوەت لە بەختی کاکی فەلاح بە هێزتربوو.

## چوونی حەمەڕەشیدخان بۆ ئێران و ناوچەی مهاباد لە دەری دووهەما.

لە سەر بەڵێن و بریاری کە حکوومەتی عێراق دەگەڵ حەمەڕەشیدخانی کردبوو کە ساڵێک لە کەرکووک دابنیشیٚ حکومەتی عێراق لە رێکەوتی ١٩٤٥/١٢/٣ هێنایەوە بۆ سلێمانی بەم هیوایە کە لە مەرزی عێراق بیکا بە کۆسپێک لە سەر رێگای شیوعی و بڵاوبوونەوەی نفووزی دێموکڕاتیەتی قازی محەمەد. بەڵام وادەرکەوت حکوومەت بۆ ئەم باسە باوەڕی بە حەمەڕەشیدخان نەکردبوو نەزەریەیان گۆڕابوو بۆیە لە رۆژی ١٩٤٥/١٢/٢٣ بە حەمەڕەشیدخانیان راگەیاند کە بۆ مەودای ٦ مانگیتر بچێتەوە بۆ کەرکووک . ئەمجار حەمەڕەشیدخان لە هەمان رۆژا ژن و منداڵەکەی ناردەوە بۆ پێنجوێن و خۆشی لە شەوی ١٩٤٥/١٢/٢٣ بە یارمەتی شێخ لەتیفی شێخ مەحموود دەگەڵ مامە بلەی برایدا بە هاودەنگیی قادراغای سیپارەی پیاوی شێخ لەتیف لە کاتی ٢ ی شەوا بە رێگای شارباژێڕا بەرەو دێی گوڵەوبەهی کەوتنە بزووتن و لە عەینی رۆژا گەیشتنەوە دێی دارۆغان. ئەم جار موتەسەرفی سلێمانی (مارف چیاووک) بۆ دەردەستی حەمەڕەشیدخان کەوتە پیلان و داودانانەوە و خۆی شەخسەن دەگەڵ پۆلیس و سەربازا چوو بۆ پێنجوێن بۆ گرتنەوەی حەمەڕەشیدخان . بە هۆی شێخ قادری چوێیسە و حەمەدەمین بەگی گوڵی زۆر باری ئاڵوگۆڕ کرد بەڵام حەمەڕەشیدخان ئیمانی بە بەڵێن و وتەکانی موتەسەرفی ناوبراو نەبوو ئەوجار موتەسەرف کە لە گەڕانەوەی حەمەڕەشیدخان نائومێد بوو دەستی کرد بە هەڕەشەکردن و ئەیوت بە حەمەڕەشیدخان بڵێن کە ئەو پڵینگ بیٚ من شێرم ئەگەر خۆی نەدا بە دەستەوە حەرەکاتی عەسکەری دەکەمە سەر و دێهاتەکانی ئەسووتێنم. ئەمجا حەمەڕەشیدخان لە رۆژی ١٩٤٥/١٢/٢٥ بە ٢٥٠ کەس لە کوڕ و برا و خزم و پیاوەکانی خۆی بە دەستوورێکی پڕ چەک و ئارایش رووی کردە مهاباد و رۆژی ٤ی کانوونی دووهەم ١٩٤٦ گەیشتە دێی تورکمان کەندی ناو عەشیرەتی فەیزوڵابەگی کە سەعاتونیوێک لە بۆکان دوورە . لە بەر ئەوەی کە منیش هەر دەستزەدە و برینداری دەست مارف چیاووک موتەسەرفی سلێمانی بووم بە مەرسوومی ئەمنی عام ساڵێک حوکمی زیندانی لە سەر دابووم لەگەڵ ساڵێک دوورخستنەوە لە لیوای سلێمانی و دەرکرانم لە وەزیفەکەم بە ناوی لە سەر دەستکاریی سیاسەت و تێکدانی خۆشی گشتی جا بە ناچاری ساڵە بەندیەکەم تەواو کرد و پێش ئەوەی کە دوور بخرێمەوە لەگەڵ ئاغای حەمەڕەشیدخانا رێک کەوتین کە هەردووکمان بچین بۆ ئێران بەڵام لەبەر بیٚ وڵاخی نەمتوانی لە هەمان شەوداله‌گەڵ حەمەڕەشیدخان سلێمانی بە جیٚ بێڵم شەوی ٢٦ ی مانگی ناوبراو منیش بە رێگای نورکی، گوڵی ، سەیران بەندەوە ناوچەی سەرشیوا لە هەمان رۆژی ١٩٤٦/١/٤ سیٚ سەعات پێش حەمەڕەشیدخان گەیشتمە دێی تورکمان کەندی. (٢) لەشکری ئاغای حەمەڕەشیدخان وەکوو خوارەوە بە سەر دێهاتی فەیزوڵابەگیدا دابەشکرا.

١، حەمەڕەشیدخان و مەجیدخان و ئەنوەربەگی کوڕی لەگەڵ منو قازی عەبدولرەحیم و هێندێک لە خزم و پیاوەکانی کە ٣٠ کەس دەبووین لە دێی تورکمان کەندی ماینەوە هەتا ١٩٤٦/٤/٥ میوانی ئاغای مەحموودخانی شەجیعی رۆڵەی خاوەن شەڕافەت و هونەرمەند بووین .

٢، حەمەدەمین خانی قادرخانزادە لەگەڵ هەندێ پیاوی لە دێی ئینگیجەی بۆکان میوانی برای بە شەهامەت ئەحمەدخانی خەسرەوی بووین.

٣، عەلی بەگی قادرخانزادە لە دێی دووکچی میوانی کەریم خان بوو.

٤، حەمۆ عێزەت بەک لە دێی یەکشەوە میوانی عەلی بەگی شێرزاد و حەمەدەمین بەگی شکارچی بوون.

٥، عەبدوڵلابەگی سەرحەدی لە دێی گۆل میوانی بەرێز حیسام بوو.

باقی لەشکرەکە بە سەر دێهاتی خوارەوە دابەش کرا:

١، دێی ئالبلاغ مالک عێزتخان و محەمەدخان دادخواە.

٢، دێی حەسار مالک سەعید لەشکر.

٣، دێی بۆگەبەسی مالک حەسەنخان و حەبیبوڵلا خانی بوداقی.

٤، دێی شاریکەند مالک حەمەدەمین بەگ و ئیبراهیم بەگ فەیزوڵلا بەگی.

٥، دێی باغلووجە مالک محەمەدبەگی بابەخان بەگی فەیزوڵلا بەگی.

٦، دێی بەردەزەرد مالک فەیزوڵلاخان و حەمەحوسێن خانی ئەمیری.

٧، دێی کەڵتەگە مالک ئەحمەدخانی شەجیعی.

٨، دێی یاسیکەند مالک عەزیزخانی ئازادیخواە.

جا لەو دێهاتانەدا ئەو ٢٥٠ نەفەرە بۆ ماوەی ٢ مانگ لە لایەن ئاغاواتی سەرەوە پەزیرایی و خزمەت کران. بە ڕاستی عەشیرەتی فەیزوڵلابەگی رەوشتێکی زۆر شەڕافەتمەندانەیان بە جێهێنا هونەر و پیاوەتی ئەو عەشیرەتە بە هیچ بارێک ناشاردرێتەوە. کردەوە و رێزیان لە هەموو بارێکەوە جیگای ستایش و سپاسی بێ پایانە. کورد دەبێ شانازی بەو عەشیرەتە نەجیبەی بکا کە بەو ئەندازەیە لە وێڵی میواندارێدا خاوەنی فەڕ و سروشتن بێجگەلەوەش ئەم عەشیرەتە خاوەنی گیانێکی پڕ لە ئیحساساتی کوردایەتی و خوێندەوارین و لە بارەی رابواردن و عەییاشی و زەوقەوە لە هۆزێکی ئورووپایی ئەکەن کە دیلی هیچ وێنە یاسا و بەرهەڵستێکی قەدەغە و قۆرغ نەبن بە تایبەتی مەحموودخانی شەجیعی کە بە ٣ دانگی دێی تورکمان کەندی توانی لە مەودای ٣ مانگا خواردن و خواردنەوەی ٣ جەمی بۆ حەمەڕەشیدخان و دەستە و دایرە و میوانەکانی بکات کە بە تێگڕایی رۆژێ ٧٠ کەسی نان ئەدا. هەر چەند کە هێندێک لە ئاغایانی فەیزوڵلا بەگی دەستی یارمەتیان بۆ مەحموودخان رائەکێشا بەڵام مەسرەفی ئەو ئاغایە شەرەفدارە لەوە نەبوو کە یارمەتی ئەو بەگزادانە شتێکی وەها لە سەر شانی مەحموودخان سووک بکا. بە هەموو مەعنایەکەوە خزمەتی ئەو ئاغایە لە مێژووی ئینسانیەتا رێزێکی بەرجەستە و هونەرمەندی هەیە.

## بەربەرەکانی گەورک و دێبوکری لەگەڵ ئاغای حەمەڕەشیدخان

بە گەیشتنی حەمەڕەشیدخاب بە ئێران ئاغایانی گەورک و دێبوکری کەوتنە راپۆرتدان بۆ قازی محەمەد و رووسەکان کە وا حەمەڕەشیدخان بۆتێکدانی حەڕەکەی کوردستان هاتووە بۆ ئێران و پووڵ و پارەیەکی زۆریشی لە لایەن ئینگلیسیەکانەوە

پێدراوە کە بە سەر عەشایرەکانا دابەشی بکات هەتا قاسماغای کوڕی حاجی بایزاغای ئیلخانیزادە لە سەر غەرەزکاریەکی لەمەوبەریان رۆژی ١٩٤٦/١/٣ خۆکۆکردنەوەیەکی عەشایری و پێشمەرگەی لە بۆکانا بە عەمەل هێنا ئەگەر حەمەڕەشیدخان بچێتە بۆکان تەقەی لێبکەن.

## تێ بینی:

١، کێشەی بەینی خاوەن ملک و خەڵکی دێهاتی فەیزوڵلا بەگی لە زەمانی سەرۆک وەزیریی دوکتور موسەدق دوور نیە دەستی ئەو رێکخستنە نهێنیەی تێدا بووبێ .

٢، تاریخەکان برێک تێکەڵ پێکەڵن.

(تایرعەلیار)